سەرکی یەکێتی: هەر بڕیارێك لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەکانی ژیانی خەڵك و هەرەمەکەمان بێت لەگەڵیداین

بافێ جەلال تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت، هەر بڕیارێك لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەکانی ژیانی خەڵك و هەرەمەکەمان بێت لەگەڵیداین بەڵام دەبێت نیەتی جدی هەبێت بۆ کارکردنی پێکەوەیی و هاوبەشێتی راستەقینە و دەشێت، "ئەرکی هەموانە بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم دۆخەدا مامەڵە بکەن و پێکەوە هەنگاوبنێن بۆ دروستکردنەوەی متمانە و پێکهێنانی حکومەتێکی خزمەتگوزار".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرکی یەکێتی، ئەمڕۆ دوشەممە بافێ جەلال تاڵەبانی لە دەباشان پێشوازی لە یان برەم، کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لە هەرێم کرد و لەدیدارێکدا دواین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە، پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گفتوگۆیان لەبارەوەکرا.
بافێ جەلال تاڵەبانی لەبارەی رێکخستنەوە و یەکیزی ماڵی کورد و یەکگوتاری سیاسی راشکاوانە دوا و وتی، "هەر بڕیارێك لە بەرژەوەندی چارەسەری کێشەکانی ژیانی خەڵك و هەرەمەکەمان بێت لەگەڵیداین بەڵام دەبێت نیەتی جدی هەبێت بۆ کارکردنی پێکەوەیی و

هاوبەشێتی راستەقینە چونکە هەر هەوڵێك لە دەرەوەی ئەم ویستە نیشتمانییە بە زیان بە گەلەکەمان دەشکێتەوە".

ئەوەشیخستەڕو، "ئەرکی هەموانە بەرپرسیارانە لەگەڵ ئەم دۆخەدا مامەڵە بکەن و پێکەوە هەنگاوبنێن بۆ دروستکردنەوەی متمانە و پێکهێنانی حکومەتێکی خزمەتگوزار کە بە یەکسانی خزمەتی هەموان بکات و لەئاست داواکاری خەڵکیشدابێت".

سەبارەت بە سوریا و ڕۆژاڤای کوردستان باڤە جەلال تاڵەبانی رایگەیاند، "جەختدەکەینەوە کە لەگەڵ ئەوەداین ڕێز لە ئیرادەو مافی هەمولایەك بگیرێت و کوردیش بەشێکی گرنگ بێت لە سوریای نوێدا چونکە هەر پەراوێزخستنێك زیان بە ئارامی و ئاسایشی وڵاتەکە و ناوچەکەش دەگەیەنێت".